www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا15:18 21-7-2006

## گۆرانیبێژێکی قسە زل ... کەماڵ ئەڵماسی

ئەوە کە قادری ئەلیاسی سەردەمێک پێشمەرگە بووە، شتێکی سەیر و سەمەرە نییە و پێدەچێ وەک زۆر کەسی دیکە لافاوی شۆرش ئەویشی گرتبێتەوە و لە دوای ئاوارەبوون و پەرەوازەبوونی عەشیرەتەکەیان لە جەریانی شەری ئێران و عێراق دا باشترین نوا و ئەنوای لە ناو ریزەکانی حیزبی دێموکراتدا دۆزیبێتەوە. تەنانەت ئەوە کە کاک قادر ئێستاش ئەندامی حیزبی دێموکراتە و لە سایەی کرنۆش و دەست بە سینگەوە نانەوە، ئەرکی سەرپەرەستی هونەری لە تیشک تیڤی دا پێدراوە، هیچ لە مەسەلەکە ناگۆرێ. ئاخر ئەو بەرێزە سەرەرای هەرٍ و گیفەکانی لە مەرٍ شۆرشگێر بوونی، بە درێژایی تەمەنی دوور و درێژی گۆرانیبێژیی، هەتا ئێستاش نە سروودێکی بۆ شۆرش چریوە، نە گۆرانییەکی بۆ کوردستان وتووە و نە لاوک و حەیران و چەمەرییەکی بۆ شەهیدان داناوە و نە شینی بۆ گێراون. لە قسەکانی ئەو بەرێزە بترازێ، تا ئێستاش هیچ گۆرانی و سروودێکی ئەوتۆی لێنەبیستراوە و نەدیتراوە کە شایانی گۆرانیبێژێ گەلێکی بندەست بێ و لە ئاستی چاوەروانییەکانی نەتەوەیەکی زۆرلێکراو دابێ.

کاک قادر ئەگەر لە بۆنە و جێژنەکانی حیزبی دێموکراتدا گۆرانی وتبێ و خەڵکی هەڵپەراندبێ، وەک هەموو گۆرانی بێژانیتر، بە خۆرایی نەیوتووە و لە بەرامبەر پووڵدا، گۆرانی بۆ مەمکۆڵەی خەدیجە و... وتووە و لانیکەمی گۆرانییەکانی ئەرکی نیشتمان پەروەری و شۆرشگێری تێدا نەبووە.

ئەو بەرێزە کە بۆ خۆنیشاندان و ناو دەرکردن، تا بەر لە دامەزرانی تیشک تیڤی، لە دەرگای هەموو ماڵێکی دەدا تا لە سەر داوای زۆری خۆی گۆرانی بۆ خەڵک بلێ و تەلەڤزیۆن بە تەلەڤزیۆن بۆ وتنی گۆرانییەک دەپارایەوە، بەڵام هیچکات ئامادە نەبووە بە خۆرایی و بە بێ پووڵ گۆرانییەک بۆ پێشمەرگەکانی حیزبەکەی خۆی بلێ.

ئەم راستییە لە سەفەرەکانی کاک قادر و بە تایبەت لە دوایین سەفەری ئەو بەرێزە بۆ کوردستان و بۆ ناو بنکەکانی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا پتر ئاشکرا بوو. لە کاتێکدا کە زۆربەی پێشمەرگەکان چاوەروان بوون تا ئەویش وەک هونەرمەندانی شۆرشگێر بۆ وێنە کاک تاهیری خەلیلی و... کۆنسێرتێکیان بۆ پێک بێنێ و وەک ئەرکێکی نیشتمانی و کوردانە، بە بێ بەرامبەر، تاوێک لە خەم و رەنجیان کەم بکاتەوە، ئەو بە هیچ جۆر ئەو چاوەروانییەی ئەوانی بەراورد نەکرد. لە لای هەموان ئەوە پرسیار بوو کە ئاخۆ کاک قادر پێشمەرگە بە شایانی بیستنی گۆرانییەکانی نازانێ یان گۆرانییەکانی لەو ئاستەدا نین کە شایانی روحی بەرز و شۆرشگێرانەی پێشمەرگەکان بێ یان نا لە بەر کرنۆش و خۆشخزمەتی بە گەورەکان، پێشمەرگەکانی لە بیر نەمابوو؟!

هیوادارم کاک قادر هێندێک لە قسە زەلام و بێ پشتیوانەکانی کەم بکاتەوە و لە سەر گۆرانییەکانی دابنێ، چونکە هەمو کەس ئەوە باش دەزانێ کە زمانی گۆرانیبێژ گۆرانییە نەک قسەی زل. با خەڵکیش بێنە سەر ئەو بروایە کە بوونی بەرێزیان لە تیشک تیڤی، بە پێچەوانەی هێندێک لە هاوکارەکانی، بەرهەمی باڵبەندی و فالانژی نییە و شایانی هونەرەکەیەتی.